Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL For Languages and Humanities

**Aran Journal for Languages and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-34

# هونەری مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانی (کەشتیی فریشتەکان)ی بەختیار عەلی-دا.

## (توێژینەوەی هەڵهێنجراو لە تێزی دکتۆرا)

**کۆیان هەژار عەلی[1]، عطا ڕەشید حسێن[2]**

١- بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

٢- بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **June, 2025** |
| Accepted | **September, 2025** |
| Published: | **December , 2025** |

**Keywords**

**مۆنۆلۆگ، کەشتیی فریشتەکان، کارەکتەر، بنیات.**

**Corresponding Author**

Koyan.Hazhar@garmian.edu.krd
atta.husain@univsul.edu.iq

**پوختە:**

مۆنۆلۆگ یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکانی گێڕانەوە، کە زیاتر بایەخ بە دیوی ناوەوەی کارەکتەکان دەدات، مۆنۆلۆگ بەواتای قسەکردنی تاک دێت لەگەڵ خۆت، بەڵام بە بێدەنگی، واتە ئەم پرۆسەیە لە زەینی کارەکتەرەکەدا بە بێدەنگی ڕوودەدات و دەربڕی هەستە نهێنی و شاراوەکانی نێو ناخ و دەروونی کارەکتەرەکانی نێورۆمانەکەیە.

ئەم توێژینەوەیە، کە بەناونیشانی **هونەری مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانی (کەشتیی فریشتەکان)ی بەختیار عەلی-دا.** پێشکەشکراوە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی هونەری مۆنۆلۆگ لەو ڕۆمانەدا، کە مۆنۆلۆگ لە بنیاتەکەیدا هونەرێکی بنەڕەتییە و بەشێکی گرنگی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی لەرێگەوە دامەزرێنراوە. هەڵبەت ڕۆماننووس لە بنیاتنانی دەقەکەیدا بایەخێکی زۆری پێداوە بۆ ئەوەی لایەنە شاراوەکان و بارودۆخی دەروونی کارەکتەرەکانی پێ ئاشکرا بکات. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا لە ڕووی تیۆرییەوە دوای خستنەڕووی چەمک و پێناسە و مەرجەکانی ئاماژەمان بە ئەرکەکانی ئەم تەکنیکەش کردووە. هەروەها دواتر جۆرەکانیمان لەڕووی پراکتیکییەوە شیکردووەتەوە بەسود خوێنەرتن لە نموونە وەرگیراوەکانی نێو هەردوو (بەرگی یەکەم و دووەم)ی ڕۆمانەکە. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا بە چەند ئەنجامێک گرنگ گەیشتووین، کە ڕۆماننووس توانیویەتی سەرکەوتووانە جۆرەکانی(مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ، مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ، خۆدواندنی ڕاستەوخۆ و خۆدواندنی ناڕاستەوخۆ) لە ڕۆمانەکەیدا بەرجەستە بکات.

## پێشەکی:

ڕۆڵ و گرنگی مۆنۆلۆگ لە بنیاتنانی دەق ئەدەبیدا وای کردووە ڕۆماننووسان نەتوانن ڕەگەزێکی وەها گرنگ و کاریگەر پشتگوێ بخەن، چونکە لەم ڕێگەیەوە لایەنە شارەوە و هەستە پەنهان و پەنگخواردەکانی نێو دەروونی کارەکتەرەکان بە شێوازێکی ئیستاتیکی و سەرنجڕاکێش بۆ خوێنەران ئاشکرا دەکەن و دەخەنەڕوو. ڕۆمانی (کەشتیی فریشتەکان) ،کە گێڕانەوەی کۆمەڵێک ڕووداو بەسەرهاتی مێژووی گەلی کوردە، ڕۆماننووس (بەختیار عەلی) توانیویەتی بە شێوازێکی هونەری ئەو ڕووداوە واقیعیانە ئاوێتەی خەیاڵ و ئەندێشەی خۆی بکات و لە سێ بەرگدا پێشکەشی خوێنەرانی بکات.

## گرنگی توێژینەوەکە:

بە شێوەکی گشتی تائێستا لە ڕووی ئەکادیمییەوە توێژینەوە لە ڕۆمانی (کەشتیی فریشتەکان)ی (بەختیار عەلی) نەکراوە، کە تایبەت بێت بە خستنەڕووی هونەری مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانەکەدا، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی جۆرەکانی مۆنۆلۆگ لەم دەقەدا، هەر ئەمەش بووەتە هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی جۆرەکانی گفتوگۆیە، کە ڕۆماننووس (بەختیار عەلی) لەم ڕۆمانەدا پەیڕەوی کردووە.

## سنوری توێژینەوەکە:

لە بەرەوەی ئەم بابەتە توێژینەوەیەکی هەڵهێنجراوی تێزی دکتۆرایە، سنووری باسەکەمان بەرگی یەکەم و دووەمی ڕۆمانی (کەشتیی فریشتەکان)ی (بەختیار عەلی)یە.

## میتۆدی توێژینەوە:

بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی زانستی میتۆدی (دەروون شیکاریی) پەیڕەوی کراوە.

## پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوە یە سێ تەوەر لە خۆدەگرێت:

لە تەوەری یەکەمدا هەوڵدراوە لەڕووی تیۆرییەوە ئاوڕ بدرێتەوە لە کۆمەڵێك بابەتی وەك (چەمك و پێناسە و زارەوەی مۆنۆلۆگ، مەرج و ئەرکەکانی مۆنۆلۆگ) .

هەروەها تەوەری دووەمیش :تەرخانکراوە بۆ باسکردنی هەر سێ جۆرەکەی مۆنۆلۆگ .

لە تەوەری سێیەمیشدا هەوڵدراوە لەڕووی پراکتیکییەوە نموونەی جۆرەکانی مۆنۆلۆگ لە دووبەرگی یەکەم و دووەمی دەق ڕۆمانەکەدا شیبکرێنەوە و ڕوونکردنەوەیان لەبارەوە بدرێت. کە بریتیین لە:(مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ، مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ، خۆدواندنی ڕاستەوخۆ و خۆدواندنی ناڕاستەوخۆ).

لە کۆتایشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەمان خستووەتە ڕوو، کە لە دووتوێی ئەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتووین، لەگەڵ دانانی لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی.

## توێژینەوەکانی پێشوو:

ئەگەرچی تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەک سەبارەت بە هونەری مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانی (کەشتیی فریشتەکان)ی (بەختیار عەلی)دا ئەنجام نەدراوە، بەڵام چەند توێژینەوەی سەبارەت بە مۆنۆلۆگ لە چیرۆک و ڕۆمانی تردا ئەنجام دراون، کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

مۆنۆلۆگ و جۆرەکانی لە کۆمەڵە چیرۆکی (تەنیایی)شێرزاد حەسەن دا.

1 - مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)دا .لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی دەروونییەوە.

## تەوەری یەکەم/ چەمک و پێناسەی مۆنۆلۆگ:

مۆنۆلۆگ وەک یەکێک لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە، بریتییە لەو قسانەی کە تاک لە ناخی خۆیدا دەیانکات، واتە تاک لەگەڵ خۆیدا دەدوێت. ئەم قسانەش هەندێک جار بە بێدەنگی ئەنجام دەدرێت و پێی دەوترێت مۆنۆلۆگ. هەندێ جاریش کەسایەتییەکە بە دەنگی نزم و لەبەرخۆیەوە دەدوێت و پێی دەوترێت خۆدوواندن.

مۆنۆلۆگ(Monologu) واتای ئاخافتنی تاکەکەسی دەگەیەنێت، (سالار، ٢٠٠٩: ٣٨) )(ئەم وشەیەکە لە دوو بڕگە پێکهاتوە: (Monos) بەواتای (بەتەنیا)، و (Logos) بەواتای (قسە) دێت، بە لێکدراوی بەواتای (قسەکردن بەتەنها) دێتت، بەعەرەبیش پێی دەڵێن (المونولوج، حديث للنفس، الخرجات الداخلية، الحوار الداخلية)،لە زمانی کوردیشدا بە زۆر شێوە دەردەبڕدرێت وەک (مەنەلۆج، مەنەلۆژ، مۆنۆلۆج، مۆنۆلۆژ)(صابر، ٢٠٢١: ٩٢)، لەزمانی فارسیشدا پێی دەوترێت (تک گویی، صحبت یک نفره) (میرصادق:١٣٨٤: ٤٥). کەواتە مۆنۆلۆگ بریتییە لە قسەکردنی تاک بەتەنها لەگەڵ خویدا.کەواتە مۆنۆلۆگ باشترین ئامرازە بۆ ئاشکراکردنی ناوەڕۆکی دەروونی کارەکتەرەکان، هەر وەکو لەم پێناسەیەدا هاتووە: ((مۆنۆلۆگ ئەو جۆرە تەکنیکەیە لە (ڕۆماندا)، کە ناوەرۆکی دەروونی کەسایەتی و کردارە دەروونییەکانی پێشکەش دەکات، بێئەوەی لە هیچ ساتێکی ڕوودانید،ا وەک دەربڕین پێی بگات و دروست ببێت، چونکە ئەو کردارانە لە ئاستی جیاوازی ڕێکخستنی هۆشیدان، پێش ئەوەی وەک قسەکردن دەربڕدرێن))(صالح: ٢٠٢٠: ٢٧١). هەروەها وەک تەکنیکێکی گێڕانەوە زیاتر لەو ڕۆمانانەدا بەرجەستە دەبێت،کە ڕۆماننوس لەڕێگەی زەینی کارەکتەرەکانەوە زانیارییەکان دەخاتەڕوو((لە تەکنیکی شەپۆلی هۆشدا نووسەر بە بەکارهێنانی هەوڵ

دەدا پێکهاتەی یادەوەریی کارەکتەرەکان ڕاستەوخۆ بەبێ کەموکورتی نیشان بدات، لەم تەکنیکەدا زانیارییەکان لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا لە زەینی کارەکتەرەکان و لەڕێگەی کاردانەوەی زەینیی ئەوانەوە دەخرێنەڕوو.))(کۆمەڵێک نووسەر: ٢٠٠٢: ١٤٧) ئەمەش بەومانایە دێت، کە جیهانی دەروونی و بیرکردنەوەی هەر تاکێک تایبەتە و جیاوازە لە تاکێکی دیکە. هەروەها لەبەر ئەوەی دەروون جیهانێکی ئاڵۆز و نادیارە و ئەم جیهانەش هیچی کەمتر نییە لە جیهانی دەرەوەی مرۆڤ، پەیبردن پێی کارێکی ئاسان نییە، بەڵام مۆنۆلۆگ، چونکە گرنگی دەدات بە دەروونی مرۆڤ, یەکێکە لە ئامرازەکانی ئاشکراکردنی چۆنییەتی بیرکردنەوە و زانینی ئەو جیهانە نادیارەی کارەکتەرەکان لە دەقی ڕۆماندا ((دیارە دەروون شوێنی ژیانی مرۆڤە لەناو خۆیدا, واتە ژیانی مرۆڤ بە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووەوە، کە مرۆڤ خەیاڵی دەکات لەناو دەروونیدا هەیە، دەروون شوێنی بیرەوەریی مرۆڤە وەک یادگەو خەیاڵ و زەین...))(سالح: ٢٠٢٤: ٦٥) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە مۆنۆلۆگ ئەو جۆرە تەکنیکەیە((لە ڕۆماندا، کە ناوەرۆکی دەروونیی کارەکتەر و کردارە دەروونییەکانی پێشکەش دەکات، بێ ئەوەی لە هیچ ساتێکی ڕوودانیدا وەک دەربڕین پێی بگات و دروست ببێت، چونکە ئەو کردارانە لە ئاستی جیاوازی ڕێکخستنی هۆشیدان، پێش ئەوەی وەک قسەکردن دەرببڕدرێن.))(صالح: ٢٠٢٠: ٢٧١) .مۆنۆلۆگ باشترین ئامرازە بۆ ئاشکراکردنی ناوەڕۆکی دەروونی کارەکتەرەکان. هەروەها جگە لەوەی باری دەروونی و جیهانی ناوەوەی کەسایەتییەکانمان پێ دەناسێنێت، هۆکارێکیشە بۆ ئاسوودەیی دەروونی، چونکە هەر کەسە و خاوەن کۆمەڵێک نهێنییە، کە زۆرجار ناتوانێت لەگەڵ کەسانی تردا باسی بکات، بەڵام کاتێک بە تەنها لەگەڵ خۆیدا دەدوێت بیر و هزری خۆی ئارام دەکاتەوە, کەواتە((کاتێک کەسایەتی هەست بەوە دەکات ئەو زەمینەیەی بۆ ڕەخساوە بۆئەوەی بتوانێت ئەو شتانەی لەناو ناخ و مێشکیدا هەن و تارادەیەک لەوانیدی شاردوونەتەوە، بە تەنها لێیان بدوێت و لێیان وردبێتەوە هەست بە ئاسوودەیی دەکات، چونکە لەوانەیە هەندێک شت هەبن لەوە نهێنیترین مرۆڤ بتوانێ بەئاشکرا و لەگەڵ ئەوانیتر لێیان بدوێت، لەهەمان کاتیشدا پێویستی بە قسەکردن هەیە بۆئەوەی هەست بەو ئاسوودەییە بکات، بۆیە پەنا دەباتە بەر قسەکردن، بەڵام قسەکردن لەگەڵ خۆی، نەک لەگەڵ ئەوانی دیکە.))(حاجی، ٢٠٠٩: ٢٤٢). نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو لە مۆنۆلۆگدا، کارەکتەر چاوەڕوانی ئەوە ناکات کەسێک وەڵامی بداتەوە، چونکە لە دەروونی خۆیدا دەدوێت و لێکدانەوە بۆ شتەکان دەکات. بەو واتایەی لەوکاتەدا لە جیهانی دەرەوە دادەبڕێت و لەگەڵ دەروونی خۆیدا دەکەوێتە گفتوگۆ. بەواتایەکیتر کاتێک دیالۆگ، یاخود تەکنیکەکانی تر ناتوانن گوزارشت لە باری دەروونی کارەکتەرەکان بکەن، یاخود بگەنە قوڵای ناخی کەسایەتییەکان ئەوا نوسەر پەنا ئەباتەبەر مۆنۆلۆگ( مۆنولۆگ ئەو کاتە لە دایک دەبێت کە دیالۆگ نەتوانێت گوزارشت لە زمان و باری دەروونی ناخە پەنگخواردووەکەی کارەکتە و نووسەرەکە بکات)(حەمە و خدر، ٢٠٢٣: ١٢٠).مۆنۆلۆگ لەو ئەوکاتە زیاتر بەکاردێت، کە کارەکتەرە دەروونێکی ئاڵۆزی هەبێت و نەتوانێت بەئاشکرا قسەکانی ناخی دەربڕێت، چونکە مۆنۆلۆگ لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکار دروست دەبێت وەکوو: ((خەم، ترس، شەرم، تەنیایی، دڵەڕاوکێ و دوودڵی، ڕق و کینە، تۆڵە، خەمۆکی، بێچارەیی، فشاری دەروونی و کاتی دژوار...))(محمد، ٢٠٢٣: ٢٢١) بێگومان ئەم بارە دەروونییانەش ئەبنە هۆی ئەوەی کەسەکە پەنا بۆ ئەنجامدانی مۆنۆلۆگ ببات و دەروونی خۆی بکاتە شوێنی چارەسەری گرفتەکان.

**هاوکار جەمیل لە کتێبی (گێڕانەوە لە داستان و شانۆد)ا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات چەند مەرجێک هەیە نووسەر لە مۆنۆلۆگدا دەبێت پەیڕەوی بکات کە ئەمانەن:**

١_ مۆنۆلۆگ بە زمانێک بنووسرێ گونجاو بێت لەگەڵ خودی کارەکتەرەکە کە دەیڵێت.

٢_ زمانی مۆنۆلۆگ دەبێت لە زمانی قسەکردنی ئاسایی نزیکبێت.

٣_ نابێت درێژدادەری لە مۆنۆلۆگدا بکرێت.

٤_ پێویستە مۆنۆلۆگ زانیاریبەخش بێت و ئەو دۆخانە ئاشکرا بکات کە پێشتر شاراوە بوون.(جەمیل، ٢٠٢١: ٣٠٠).

**دوای خستنەڕووی چەمک و پێناسە و زاراوەی مۆنۆلۆگ دەتوانین ئەرکەکانی مۆنۆلوگ لە چەند خاڵێکدا کوردت بکەینەوە کەئەمانەن:**

١_ دەرخستنی ناخی پاڵەوان یان کارەکتەر و ئاشناکردنی بە خوێنەر بەو زانیارییانەی لەناو هۆش و ناخی ئەوانددا هەیە.

٢_ یارمەتی پاڵەوان یان کارەکتەر دەدا بۆ ئەوەی ئەو بۆچوون و شتانەی لە ناخیدا هەن بە چڕی و وردبینییەوە دەریانبڕێت.

٣_ بەخشینی کت و پڕی بەدەق لەگەیاندنی ئەو زانیارییانەی حکاتخوان دەیەوێت بە خوێنەریان بدات.

٤_ دەبێتە هۆکارێک بۆ بەرجەستەکردن و زیاتر واقیعی بوونی پاڵەوانیان کارەکتەر.(حاجی، ٢٠٠٩: ٢٤٤).کەواتەلە ڕێگەی مۆنۆلۆگەوە نووسەر بیر و خەیاڵ و هەستی کارەکتەر دەگەیەنێتە مێشکی خوێنەر، بەکارهێنانی ئەم شێوازە لە گێڕانەوەدا بوار دەرەخسێنێ بۆ قوڵبوونەوە و تێڕامان لە مەهیەت و حاڵەتی دەروونی کارەکتەر و وێنەیەکی واقیعی بارودۆخی کارەکتەر دەخاتەبەرچاو.

## تەوەری دووەم/ جۆرەکانی مۆنۆلۆگ لەڕووی تیۆرییەوە:

توێژەران بەشێوەیەکی گشتی سێ جۆری مۆنۆلۆگیان دیاری کردووە، ئەوانیش بریتین لە:

**١- مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ.**

**2- مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ.**

**3- خۆدوواندن.**

بە مەبەستی زیاتر تیشک خستنەسەر بابەتی مۆنۆلۆگ و ڕۆڵ و گرنگی لە بنیاتی ڕۆماندا، بەپێویستمان زانی بە کورتی لەسەر هەریەک لەم جۆرانە بدوێین:

## ١- مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ:

ئەم جۆرە وەک لە ناوەکەیدا دیارە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەو زانیارییانەی کە لە مێشکی کارەکتەردا هەیە بەبێ دەستوەردانی نووسەر، یان گێڕەرەوە ئاراستەی خوێنەر دەکرێت، ((چونکە ئامانج لەم مۆنۆلۆگە پیشاندانی بیرکردنەوەی کەسایەتییەکانە ڕاستەوخۆ لەڕێگەی کارەکتەرەوە بۆ خوێنەر بەبێ دەستوەردان و ئامادەبوونی نووسەر.))(العجمی: ٢٠٢٣: ١٤٠)

لەلایەکی ترەوە، ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە لەڕێگەی جێناوی کەسی یەکەمی تاک (من)ەوە پێشکەش دەکرێت, واتە((کارەکتەر بە جێناوی سەربەخۆی (من) یان جێناوی لکاوی (م) قسە دەکات و قسەکانیشی زیاتر لەگەڵ دەروونی خۆیەتی.))(مەنتک: ٢٠١٣: ٧١)

بۆ ئەو مەبەستەش هەندێک دەستەواژە هەن، ئاماژەن بۆ بوونی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ, وەکو: ((لە دڵی خۆمەوە گوتم، وام گوت، وام بیر کردەوە...))(محمد، ٢٠٢٣: ٢٣٠) بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت، کە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ لەڕێگەی جێناوی کەسی یەکەمی تاک (من)ەوە زانیارییەکان لە زەینی کارەکتەرەکانەوە ڕاستەوخۆ بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە، کە تێیدا خوێنەر هەست بە بوون و ئامادەگی نووسەر ناکات، واتە ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە پەیوەندیی بە شێوازی گێڕانەوەی خودییەوە هەیە.

**نووسەر (حەسێن عارف) چەن مەرجێک بۆ مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ دادەنێت، کە بریتین لە:**

١_ نەبوونی هیچ گوێگرێک گوێڕایەڵی ئەو قسانە بێت، کە کەسانی چیرۆک لەگەڵ خۆیاندا دەیکەن، واتە نەبوونی هیچ خوێنەرێکیش لە کایەدا، کەوا دابنرێ زانیاری پێڕادەگەیەنرێ.

٢_ حازرنەبوونی نووسە،ر واتە خوێنەر کە ئەو خۆشی وا دادەنرێت لە کایەدا نییە و (بەڵام لە واقیعدا هەیە)، دەبێ لە خوێندنەوەدا هەست بە بوونی نووسەر نەکات، کە ئەمە پێی دەوترێ نەبوونی تەواوەتی نووسەر.

٣_ دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکەی دەروون، دەبێ لە شێوەی لێشاو دابێ و، پەیوەندییەکی بابەتی توندیش، لە نێوان ئەو شتانەدا نەبێ کە دەیانڵێ و، دەبێ ئەم باس و ئەو باس و ئەم فکرە و ئەو فکرە بقرتێنێ. )(عارف، ٢٠١١: ١١٢). بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی جێناوی کەسی یەکەمی تاک (من)ەوە زانیارییەکان لە زەینی کارەکتەرەکانەوە بە خوێنەر دەگەیەنێت بەبێ دەسەوردانی ڕۆماننووس.

## ٢- مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ:

لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا، یاخود گێڕەرەوە لەسەر زاری کارەکتەرەکانەوە زانیارییەکان دەخاتەڕوو لەڕێگەی جێناوی کەسی دووەم (تۆ/ ئێوە) یان سێیەم (ئەو/ ئەوان)ەوە، واتە ((لەم جۆرەدا بیرکردنەوەی کاراکتەر لەلایەن چیرۆکخوانەوە بە بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی سێیەم، یان دووەم خوێنەر دەباتە ناو نەستی کاراکتەرەوە، بەشێوازی ناڕاستەوخۆ بە هۆی چەمکی، وەك: بیری کردەوە، ئەو گوتی، یان هەر چەمکێکی هاوشێوە دیاری دەکرێت، یاخود خوێنەر خۆی دەستنیشانی دەکات.))(یاقووب: ٢٠٢١: ٣١١)

واتە لەم جۆرەدا نووسەر ڕێگە بە کەسایەتییەکان نادات خۆیان ڕاستەوخۆ زانیارییەکان بە خوێنەر بگەیەنن، بەڵکوو خۆی بەو کارە هەڵدەستێت. بەم هۆیەوە نووسەر لەڕێگەی وەسفەوە زانیارییەکان بە خوێنەر دەگەیەنێت. لێرەدا ((نووسەر شتێکمان پێشکەش دەکات، کە لە هەستی کەسێکەوە سەرچاوەی گرتبێت و نەبووبێت بە قسە، نووسەریش بە وەسف و لێکدانەوەی ئەو شتە ڕێنمایی خوێنەر دەکات.))(قادر: ٢٠٠٩: ٨٠)

جگە لەمەش خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا هەست بەوە دەکات، کە نووسەر ئاگای لە هەموو لایەنەکانی دەروون و زەینی کەسایەتییەکە هەیە، چونکە ((نووسەری هەمووشتزان بابەتێکی گوتراو پێشکەش دەکات بەشێوەیەک وەکوو ئەوەی لە زەینی کارەکتەرێکەوە بێت.))(خاڵەدیوە:٢١٤:٢٠١٠) واتە مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە شێوازی گێڕانەوەی بابەتییەوە هەیە و لەڕێگەی گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە پێشکەش دەکرێت. وەک دەبینین لە مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆدا خوێنەر هەست بە بوون و ئامادەگیی نووسەر دەکات، چونکە گێڕەرەوەی هەمووشتزان بە شێوازێکی بابەتی جێناوی کەسی دووەم (تۆ/ ئێوە)، یان سێیەم (ئەو/ ئەوان)ەوە گێڕانەوەکە پێشکەش دەکات.

**دەتوانین جیاوازی نێوان مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەم خاڵانەدا بخەینەڕوو:**

١_ بەکارهێنانی جێناوەکان، مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆدا بە جێناوی کەسی یەکەم (من)، مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ بە جێناوی کەسی دووەم (تۆ) و سێیەم(ئەو)،پێشکەشدەکرێت.

٢_ هەست بەبوون و دەست دەستوەردانی نووسەر ناکرێت لە ڕاستەوخۆدا، بەڵام لە ناڕاستەوخۆدا هەست بەبوونی نووسەردەکرێت.

٣_ مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ زیاتر پشت بە گێڕانەوەی خودی دەبەستێت و، مۆلۆگی ناڕاستەوخۆش لە ڕێگەی گێڕانەوەی بابەتییەوە ئەنجام دەدرێت.

٤_ هەندێک وشە و دەستەواژە هەن یارمەتی خوێنەر و لێکۆڵەر دەدەن تاوەکو بە ئاسانی بتوانن مۆنۆلۆگەکە یاخود جۆری مۆنۆلۆگەکە دەستنیشان بکە، لەمۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆدا دەستەواژەکانی (لەدڵی خۆما وتم، وام بیرکردەوە، وام بەخەیاڵدا هات، لەزەینی خۆما وتم .......)، لە مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆدا دەستەواژەکانی(لەدڵی خۆیداوتی، لە ناوزەینی خۆیدا وتی، وای بیر کردەوە، وای بەخەیاڵدا هات ........) بەکاردەهێنرێت.

## 3- خۆدواندن:

وەک یەکێک لە جۆرەکانی مۆنۆلۆگ لە هونەری شانۆگەرییەوە وەرگیراوە، کە تێیدا تاک بە دەنگی بەرز لەگەڵ خۆیدا دەدوێت. واتە کارەکتەرەکە گوێی لە دەنگی خۆی دەبێت, ((زاراوەیەکە لە شانۆگەرییەوە وەرگیراوەو لقێکە لە لقەکانی مۆنۆلۆگ، کە پەردە هەڵدەماڵێت لەسەر بیرو خولیاکانی ناو دەروونی کارەکتەری چیرۆک یان ڕۆمان، کە لە بارێکی ڕێکخراودا پێشکەشیان دەکات لەگەڵ ئەگەری بوونی جەماوەرێکی ئامادە و دیاریکراودا.))(مەجید: ٢٠٠٨: ١١٩).کەواتە لێرەدا کارەکتەر بە دەنگی بەرز لەگەڵ خۆیدا دەدوێت بۆئەوەی بیرکردنەوە تایبەتەکانی خۆی بگەیەنێت, بەم جۆرەش بوونی دەنگ, مەرجی سەرەکی دروستبوونی خۆدواندنە، بە واتایەکی تر خۆدواندن ((هەر ئەو مۆنۆلۆگەیە، کە لەناو دەروونی کارەکتەردا پەنگی خواردبوویەوە و ئێستا کەوتوتە سەر زمان، هەست و بیری خۆی بە دەنگی بەرز دەردەبڕێت بۆئەوەی گوێگر لە مەبەست و خواستەکانی بگات.))(ئیسماعیل، ٢٠٢٢: ٤٨) لەبەرئەوەی کارەکتەر بەئاشکرا و بەدەنگی بەرز بیرەکانی دەردەبڕێت، بەم هۆیەشەوە دەبێت بە شێوەیەکی تۆکمە و ڕێکوپێک بیرۆکەکان دەربڕێت، نەک بەشێوەی پچڕپچڕ، لەبەرئەوەی خودواندن ((لە هەموو شێوەکانی دیکەی گفتوگۆی ناوەوە ڕێکوپێکتر و پێکەوە گرێدراوترە، چونکە لە ئاگاییەوە نزیکترە.))(سەعید: ٢٠١٣: ١٦٦) .لە خۆدواندندا، چونکە وا دادەنرێت، کە گوێگر یان بینەر ئامادەییان هەیە، بۆیە کارەکتەر وشە و ڕستەکان بە شێوەیەکی تۆکمە و پێکەوەگرێدراو دەردەبڕێت، نەوەک بە شێوەیەکی هەڕەمەکیانە. لەڕاستیدا تایبەتمەندیی و سیمای دیاری بەکارهێنانی خۆدواندن پرسیار و وەڵامە ((واتە کارەکتەر لەبەرخۆیەوە پرسیار دەکات و دواتر هەر خۆیشی وەڵامی خۆی دەداتەوە.))(سەعید: ٢٠١٣: ١٦٧) هەندێک جار نووسەر کۆمەڵێک وشە و دەستەواژە بەکاردەهێنێت، بۆئەوەی بۆ خوێنەر ڕوون بێتەوە، کە ئەو کۆپلەیە خۆدواندنە، وەکو ((بە دەنگی بەرز وتی، لەژێر لێوەوە وتی، بە دەنگی بەرز وتم، بە خۆمم وت، لە خۆمم پرسی، بە دەنگی بەرز هاوارم کرد....))، هەر بەپێی ئەم وشە و دەستەواژانە و جۆری جێناوی بەکارهاتوو, دەکرێت خۆدواندن بۆ دوو جۆر دیاری دابەش بکەین، ئەوانیش بریتین لە:

**١_ خۆدواندنی ڕاستەوخۆ.**

**٢_ خۆدواندنی ناڕاستەوخۆ.**

ئەگەر جێناوی بەکارهاتوو، کەسی یەکەمی قسەکەر (من) بێت ئەوە خۆدواندنەکە ڕاستەوخۆیە، بەڵام ئەگەر جێناوی بەکارهاتوو, کەسی سێیەم (ئەو)، یان دووەم (تۆ) بوو ئەوە خۆدواندنەکە ناڕاستەوخۆیە. کەواتە لە خۆدواندندا، چونکە وا دادەنرێت، کە گوێگر یان بینەر ئامادەییان هەیە، بۆیە کارەکتەر وشە و ڕستەکان بە شێوەیەکی تۆکمە و ڕێکوپێک دەردەبڕێت نەوەک بە شێوەیەکی هەڕەمەکییانە.

**دەتوانین خاسەت و تایبەتمەندییەکانی خۆدواندن لەم چەند خاڵەدا بخەینەڕوو:**

١_ ئاراستەی وەسفکردن لە خۆدواندندا لەسەر بنەمای بوونی جەماوەرێکی ئامادەو دیاریکراو پێشکەش دەکرێت.

٢_ کەمتر هەڕەمەکییەو زیاتر دەستنیشانکەرە.

٣_ هۆش تێیدا زیاتر لە چینی ڕووی دەرەوە نزیکە،و بە شێوازێکی ئەقڵانی بابەتەکان تێیدا پێشکەش دەکرێت.

٤_ تێیدا پەیوەندییەکی توندتر لە نێوان ڕستە بیرییەکانی کارەکتەرەکە هەیە، چونکە ئامانجی ئەوەیە کە ئەو سۆز و هزرانەی ئەوەی پەیوەندییان بە گرێی هونەری وکاری هونەریدا هەیە بگەیەنێت بە خوێنەر.

٥_ خۆدواندن وێنەی هەردوو دیوی دەرەکی و ناوەکی کارەکتەر دەکێشێت.(مەجید، ٢٠٠٨: ١٢٠). کەواتە لە خۆدواندندا، چونکە وا دادەنرێت، کە گوێگر، یان بینەر ئامادەییان هەیە، کارەکتەر وشە و ڕستەکان بە شێوەیەکی تۆکمە و ڕێکوپێک دەردەبڕێت نەوەک، بە شێوەیەکی هەڕەمەکیانە.

## بە پێویستی دەزانین، بەکورتی جیاوازیی نێوان مۆنۆلۆگ و خۆدواندن بخەینەڕوو:

مۆنۆلۆگ و خۆدواندن چەند جیاوازییەک لەنێوانیاندا هەیە، لەم ڕووەشەوە (دیار فایق مەجید) لە کتێبی (شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی کوردیدا) بەم شێوەیە جیاوازییەکەی خستۆتەڕوو:

١. خۆدواندن لە هەستەوە نزیکە و مەبەست لێی گەیاندنی هەست و بیرۆکەکانە، کە پەیوەندییان بە گرێچن و کارە هونەرییەکانەوە هەیە، بەڵام مۆنۆلۆگ لە نەستەوە نزیکترە و پێش هەموو شتێک مەبەست لێی گەیاندنی ناسنامەی زەینییە.

2. لە خۆدواندندا ڕۆماننووس پەنا دەباتەبەر هەندێک دەستەواژەی وەک: (بە دەنگی بەرز وتی، لەپێش خۆیەوە دەدوا...)، بەڵام لە مۆنۆلۆگدا دەستەواژەکانی (لەبەرخۆیەوە وتی، لە دڵی خۆیەوە وتی، ...) بەکاردەهێنێت.

3. لە خۆدواندندا کارەکتەری چیرۆک بە دەنگی بەرز بۆ گوێگرێک، دوێنراوێک قسە دەکات، بەڵام ئەو قسانەی کارەکتەر لە مۆنۆلۆگدا دەیانکات گوێگر و دوێنراو نییە.

4. خۆدواندن وێنەی هەردوو لایەنی دەرەکی و ناوەکی کارەکتەر دەکێشێت، بەڵام مۆنۆلۆگ زیاتر گرنگی بە چینەکانی هۆش دەدات لە ئاستی پێش قسەکردن بە هەردوو چینی هەست و نەست، واتە وێنەی جیهانی زەینی کارەکتەر دەکێشێت.(مەجید: ٢٠٢١: ٥٦_٥٩)، کەواتە مەرجی سەرەکی دروستبوونی تەکنیکی خۆدواندن دەنگە، کە کارەکتەر لەبەرخۆیەوە دەدوێت، بەڵام لە مۆنۆلۆگدا لەگەڵ زەینی خۆیدا دەدوێت، هەروەها ئەو وشە و دەستەواژانەی، کە خراونەتەڕوو بۆ هەریەک لە مۆنۆلۆگ و خۆدواندن ئامرازێکی گرنگن بۆئەوەی خوێنەر بەئاسانی بتوانێت ئەم دوو تەکنیکە لەیەکتری جیابکاتەوە.

## تەوەری سێیەم: پراکتیزەی جۆرەکانی مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانی (کەشتیی فەیشتەکان)دا:

### ١_ پراکتیزەکردنی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ لە ڕۆمانی (کەشتیی فەیشتەکان)دا:

هەروەک ئاماژەمان پێ کردووە، کەسایەتی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەبێ دەستوەردانی نووسەر، یاخود گێڕەرەوە ئەو دەربڕینانەی کە لە دەروونیاندا هەیە ئاراستەی خوێنەری دەکەن، کە لەڕێگەی کۆمەڵە ئاماژەیەکی وەکوو: (لە دڵی خۆمەوە گوتم، وام گوت، وام بیرکردەوە...) خوێنەر دەزانێت، کە جۆری مۆنۆلۆگەکە ڕاستەوخۆیە.

ئەگەر شەنوکەوێکی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە بکەین، دەبینین هونەری مۆنۆلۆگ ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەیە، بەتایبەت مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ. بۆنموونە (جەنگیز) لە یەکەم ڕۆژی پەیوەندیکردنی بە شۆڕشەوە لە زیندانی (پسمامان) کۆمەڵێک ئەسپی نەخۆش دەکوژێت. ئیدی ئەم ڕووداوە کاریگەرییەکی خراپی دەبێت لەسەر باری دەروونی و بەردەوام لە خەیاڵی خۆیدا بیر لەوە دەکاتەوە، کە بۆچی ئەسپەکانیان کوشت؟ پێویست بوو بیانکوژن؟ لێرەوە دەنگی ناوەکیی جەنگیز لەڕێگەی مۆنۆلۆگەوە دەردەبڕدرێت، وەک ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و دەڵێت: **((ئەو شەوە بێئەوەی بزانم بۆ، چەند جاری خەبەرم بووەوە و دیمەنی ئەسپەکانم هاتەوە پێش چاو، چاوە ترساوەکانیان، هەست و هەناسەیان لەو ساتەدا کە تفەنگەکەم لەنێو چاوانیان نزیک دەکردەوە، ئەو هەڵمە گەرمەی لە لەشی ماندوویان هەڵدەستا، ئەو لەرزە نادیار و کاریگەرەی لە جووڵەی دەست و پاشووەکانیاندا بوو. دڵی خۆم بەوە دەدایەوە گوایە کوشتنی ئەسپەکان سوودێکی بۆ شۆڕش هەیە.))**(عەلی:٢٠٢٤ب١: ٢٢)

لەڕێگەی ئەم مۆنۆلۆگەوە (جەنگیز) ئەو هەست و ئازارە پەنگخواردووەی ناخی خۆی بۆ خوێنەر خستۆتەڕوو، بەم هۆیەشەوە خوێنەر هەست بەوە دەکات، کە کوشتنی ئەسپەکان کاریگەریی لەسەر باری دەروونی هەبووەو نەیهێشتووە ئەو شەوە بەئارامی بخەوێت و سات بە ساتی چۆنییەتی کوشتنیانی لەپێش چاو بووە، جا بۆئەوەی لەو ئازارە دەروونییە ڕزگاری بێت دڵی خۆی بەوە داوەتەوە، کە گوایە کوشتنی ئەسپەکان سوودێکی بۆ شۆڕش هەیە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا گێڕەرەوە نموونەیەکی تری مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆی (جەنگیز)ی خستۆتەڕوو، چونکە کەسایەتییەکی سەرەکی و گێڕەرەوەی ئەم چیرۆکەیە, بۆیە بەشێکی زۆری مۆنۆلۆگە ڕاستەوخۆکان پەیوەستن بەم کەسایەتییەوە. لە کاتی شۆڕشدا ئەو کەسانەی کە لەلایەن حیزبەوە دەستگیر دەکران و دواتر فەرمانی گوللەبارانکردنیان بۆ دەردەچوو، دەبووایە خۆیان گۆڕەکانیان هەڵبکەنن. بۆ ئەو مەبەستەش ڕۆژێک (جەنگیز) شاهیدی گوللەبارانکردنی دوو دیل دەبێت، لەو کاتەدا کە فەرماندەکە پاچەوبێڵ ئەداتە دەستیان و دەڵێت گۆڕەکانتان هەڵبکەنن، ئەو دیمەنەش دەبێتە هۆی دروستبوونی مۆنۆلۆگێک لەلای (جەنگیز) و وەک خۆی دەڵێت: **((کاتێک بیرم دەکردەوە و دەمهێنایە پێش چاوی خۆم، قورس بوو تێبگەم بۆ لە دوا ساتی ژیانی خۆیاندا شان دەخەنە ژێر کارێکی وەها قورس و بێمانا، لە ئەندێشە و خەیاڵاتی خۆمدا دەمگوت، کاری وا بۆ من نەکردەیە، ساتێک هاتە سەر کوشتنم، با ئەوەی دەمکوژێت خۆی گۆڕەکەم بۆ هەڵبکەنێت و خۆی پاچکاریی زەوییەکە لە ئەستۆ بگرێت، بەڵام کاتێک قووڵ تێدەفکرام، دەگەیشتمەوە ئەو بڕوایەی، سێ هۆکار هەیە وا دەکەن قوربانیان ئەو کارە بگرنە ئەستۆ، یەکێکیان درێژکردنەوەی ژیانە بۆ چەند چرکەساتێکی تر، دووەمیان چاوەڕوانکردنی ڕوودانی موعجیزەیەکی خوداییە لەو چرکەساتانەدا، سێهەمیش بە جووڵە و جونبوشی پاچکاریی, لەش وەها ماندوو دەکەن مەرگی زۆر بەلاوە سەخت نەبێت.))**(عەلی:٢٠٢٤ب١: ٤٠). خوێنەر لەڕێگەی دەربڕینەکانی وەک, **(کاتێک بیرم دەکردەوە، دەمهێنایە پێش چاوی خۆم، لە ئەندێشە و خەیاڵاتی خۆمدا دەمگوت)** بۆی دەردەکەوێت، کە مۆنۆلۆگەکە ڕاستەوخۆیە، لەڕێگەی ئەم مۆنۆلۆگەوە خوێنەر ئاشنای بیرکردنەوەکانی (جەنگیز) دەبێت.

(جەنگیز)، کە گێڕەرەوەی ئەم ڕووداوەیە ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێت،.هەر لە درێژەی گێڕانەوەکەدا، نموونەیەکی ترمان بەرچاو دەکەوێت. ئەویش کاتێک (لیڤیتانت)، (نزار ئیدریس) دەستگیر دەکاتەوەو لە زیندانە تایبەتەکەی خۆیدا دەستبەسەری دەکات، لەوکاتەدا (جەنگیز) دەچێت بۆ لای (نزار)و پێی دەڵێت تاکە مەرجی (لیڤیتانت) بۆ ئازادکردنت ئەوەیە، کاغەزێک مۆر بکەیت و پەیمان بدەیت ببێت بە ئیشکەرو کرێکارو ڕۆحی خۆت وەک بارمتە دابنێیت لەبەردەستی (لیڤیتانت)دا، بەوە ژیانی خۆت ڕزگار دەکەیت. لەو ڕووەشەوە گێڕەرەوە لە ڕێگەی مۆنۆلۆگێکی ڕاستەوخۆوە بیرکردنەوەی جەنگیز ئاشکرا دەکات و دەڵێت: **((لە ناخی دڵەوە ئاواتم دەخواست بڵێت نا، من لەدڵەوە دەپاڕامەوە خۆگربێت و خۆی بۆ لیڤیتانت شل نەکات. دەمزانی بەو خۆڕاگرییەی هەم خۆی و هەم لیڤیتانت تێکدەشکێنێت... ئەوەش خواستی ڕاستەقینەی ناخم بوو، هەردووکیان لە نەهامەتی و شکستدا ببینم، دەبوو شتێک هەبێت لیڤیتانت، نەیگرێت، دەبوو زنجیرێکیش هەبێت ئەم جانەوەرە ببەستێتەوە، کە دڵنیابووم بێتە دەر، بە جۆرێکی ترسناک و تا سنووری خۆفەوتاندن لە چەپاوڵ و تۆڵازیی و داوێنپیسیدا نوقم دەبێت.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب٢: ٤٢٥_ ٤٢٦). وەک دەبینین خوێنەر لەڕێگەی ئەم مۆنۆلۆگەوە ئاشنای بیرکردنەوەکانی (جەنگیز) دەبێت، کە ئەگەرچی هاتبوو پێشنیارەکەی (لیڤیتانت) بە (نزار) ڕابگەیەنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە دڵەوە ئاواتی خواستووە، کە (نزار) خۆڕاگربێت و بە داواکارییەکە ڕازی نەبێت بەوەش (لیڤیتانت) تێکدەشکێنێت، چونکە ئەو تەنها کەسێک بوو، کە (لیڤیتانت) نەیدەتوانی بیکات بە کۆیلەی خۆی. لەگەڵ ئەوەشدا (لیڤیتانت)یش تاکە کەسێک بوو، کە دەیتوانی (نزار) زنجیربکات و نەهێڵێت بەتەواوەتی ئازادبێت، کەواتە (جەنگیز) لە ناخەوە هەمیشە ئاواتەخواز بووە، کە شکست و نەهامەتیی ئەم دووانە ببینێت.

هەر لەو چوارچێوەیەدا پاش ئەوەی مەلەککوژەکان دەچنە (کەشتیی فریشتەکان) و داوا لە (ڕێزانی مەلەکبین) دەکەن بۆئەوەی کەشتییەکەیان پێ بفرۆشێت و ئەویش ڕازیی نابێت و بەو هۆیەوە دەنگەدەنگێکی زۆر لەنێوانیاندا دروست دەبێت و (مەهدائیل)یش گوێی لێ

دەبێت، بەڵام دواتر بێدەنگییەکی قووڵ و ترسناک باڵ بەسەر کەشتییەکەدا دەکێشێت. ئەمەش ترسێکی زۆر دەخاتە دڵی (مەهدائیل)ەوە، گێڕەرەوە لەڕێگەی مۆنۆلۆگێکەوە باسی ئەو ساتەی مەهدائیل دەکات و دەڵێت: **((ئەو بێدەنگییە ترساندمی خەیاڵم بۆ هەموو سیناریۆیەکی ترسناک و ڕەش چوو، چی دەبێت ئەگەر ڕێزان خانیان کوشتبێت؟ بردبێتیان یاخود شتێکیان لێ کردبێت؟ کێ دەڵێت تەڵە نییە تا ئێمەی فریشتە لە پەناگای خۆمان بێینە دەرەوە و هوروژم بهێنین و بە تەور بکەونە وێزەمان. دواى وەستان و تێرامانێکی زۆر هەر دەبوو بەسەر دوودڵی و وەسوەسەی خۆمدا سەربکەوم و بێمە دەرێ.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب٢: ٤٨٨)

لێرەدا خوێنەر بە هۆی ئەم مۆنۆلۆگە ڕاستەوخۆیەوە ئاشنای ناجێگیریی باری دەروونی (مەهدائیل)و بیرکردنەوەکانی دەبێت، کە لەوکاتەدا بیری لە چەندین سیناریۆی جۆراوجۆر کردۆتەوە، وەک ئەوەی ڕەنگە خانمیان بردبێت، یان کوشتبێتیان، یاخود تەڵەیەک بێت بۆ فریشتەکان بۆئەوەی بە هۆی ئەو بێدەنگییەوە بێنە دەرەوە و مەلەککوژەکانیش هێرشیان بۆ ببەن و بیانکوژن.

**٢_ پراکتیزەی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ لە ڕۆمانی (کەشتیی فریشتەکان)دا:**

وەك پێشتر ئاماژەمان پێی دا، لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا هەندێک ئاماژەی زمانیی وەک: (لە دڵی خۆیدا گوتی، وای بیرکردەوە، وای بە خەیاڵدا هات و... هتد) خوێنەر دەزانێت، کە مۆنۆلۆگێکی ناڕاستەوخۆیە، چونکە دەربڕینەکان لەسەر زاری کەسایەتییەکان خۆیانەوە نەگواستراونەتەوە، بەڵکوو لەڕێگەی نووسەر یان گێڕەرەوەوە ئاراستەی خوێنەر کراوە.

گێڕەرەوە لە دووتوێی گێڕانەوەکەی ڕووداوەکاندا چەندین نموونەی مۆنۆلۆگی لەم جۆرەی خستۆتەڕوو. بۆنموونە کاتێک (نەغەدە ماردینی) بۆ یەکەم جار (بولبولیار) دەبینێت و لەو نیگا قووڵ و چاوە هێمنانەیە هەست بەوە دەکات، نیگایەکی پاک و بێ مەبەستە و هیچ شتێکی لە جەستە و ژنێتیی ئەو ناوێت، واتە نیگاکانی (بولبولیار) گرێدراو نین بە جوانی و جەستەیەوە، بەڵکو شتێکی ترە، هەر ئەمەش وا دەکات بیر لە پیاوان بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش گێڕەرەوە لە مۆنۆلۆگێکی ناڕاستەوخۆدا بیرکردنەوەکانی (نەغەدە) سەبارەت بە پیاوان ئاشکرا دەکات و دەڵێت: **((لە دڵی خۆیدا گووتی: سوپاس خوایە کە پیاوان هەن. ئەوە یەکەم جار بوو لە دڵەوە سوپاسی خوا بکات، ئەو ڕۆژەش کاتێک هۆشەنگی بولبولیاری بینی بێئەوەی هیچ هەستێکی جنسی بەرامبەری هەبێت هەمان شتی گووت: سوپاس خوایە بۆ تۆ، کە پیاوان هەن... سوپاس. دڵنیا بوو نێرەکانیش لە ناخی دڵدا دەڵێن: سوپاس خوایە، کە ژن لەسەر ئەم ئەستێرەیە هەیە.))**(عەلی:٢٠٢٤ب١: ١٨١).

لەڕێگەی ئەم مۆنۆلۆگە ناڕاستەوخۆیەوە خوێنەر ئاشنای بیرکردنەوەی (نەغەدە) دەبێت، کە بوونی پیاوی بەلاوە گرنگ بووە و پێی وا بووە، کە پیاوان ڕەنگێکی تر بە ژیانی دەدەن، ئەگەر پیاوان بوونیان نەمێنێت لەسەر ئەم زەمینە ئەوا ئەم هەسارەیە زۆر ناخۆش دەبێت، دڵنیاشە پیاوانیش هەمان هەستیان هەیە، ئەگەر ژنان بوونیان نەبێت ئەوە ئەم ئەستێرەیە خۆشی تێدا نامینێت.

هەروەها لە درێژەی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا نموونەیەکی دیکەی ئەم جۆرە مۆنۆلۆگەمان بەرچاو دەکەوێت سەبارەت بە (نزار)، ئەویش کاتێک (لیڤیانانت) دەیەوێت (نزار) لە نەخۆشخانە بڕفێنێت، بەڵام دکتۆر (شوکاک) پێی دەڵێت: ئەگەر شوێنێکت هەیە من دەتوانم هاوکاریت بکەم بۆئەوەی لە نەخۆشخانە بچیتە دەرەوە، کاتێک (نزار) دەڵێت من هیچ شوێنێکم نییە، دکتۆریش دەڵێت من شوێنێکت بۆ دابین دەکەم و هەتا چاک دەبیتەوە و ڕۆژانە سەردانت دەکەم، بەڵام (نزار) لەبەرانبەر ئەو هەڵوێستەی دکتۆردا بێدەنگ ئەبێت و هیچ شتێک بە زمان ناڵێت و تەنها لە دەروونی خۆیدا کۆمەڵێک قسە دەکات. هەروەکووگێڕەرەوە لەڕێگەی مۆنۆلۆگێکەوە بیرکردنەوەی (نزار) ئاشکرا دەکات و دەڵێت: **((نزار سەیرێکی درێژ و بێدەنگی کرد، بە زوبان هیچی نەگووت، بەڵام لە دڵی خۆیدا گووتی: مەسەلە چییە... ماوەیەکە لای باری تەعالا خۆشەویست بووم. بە هەر لایەکدا دەڕۆم فریشتەیەک دەخاتە سەر ڕێم... ببێت و نەبێت کافران خوایەکی باشتریان لە خودای ئیمانداران هەیە، دیارە ئێمە خوایەکی بەڕەحمتر و باشترمان لە خوای نوێژکەران هەیە، ئەگینا ئەمە چییە؟ دیارە وایە... دیارە وایە... دیارە کافرانیش خودای خۆیان هەیە دەیانپارێزێت.))**(عەلی:٢٠٢٤ب١: ٢٢٠) گێڕەرەوە لەڕێگەی بەکارهێنانی دەستەواژەی (لە دڵی خۆیدا گووتی) ئەوە بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات ئەم مۆنۆلۆگە ناڕاستەوخۆیە، هەروەها لەڕێگەیەوە ئەوە بۆ خوێنەر دەخاتەڕوو، کە (نزار) کەسێکی بێ ئیمان و نوێژنەکەر بووە، چونکە وەک خۆی دەڵێت دیارە کەسانی نوێژنەکەر و بێئیمانیش خوایەکیان هەیە یارمەتییان بدات.

هەر لەو چوارچێوەیەدا، گێڕەرەوە لەڕێگەی (نەوا)وە, مۆنۆلۆگێکی ناڕاستەوخۆی تر بەکاردەهێنێت، ئەویش پاش ئەوەی (نەغەدە) دکتۆر (مستەفا شوکاکی) هاوسەری بەجێدەهێڵێت و لەگەڵ (نزار)دا هەڵدێت، ڕۆژێک (نەوا) دەچێت بۆ لای دکتۆر (شوکاک) بۆئەوەی دڵنەوایی بداتەوە. وەک لە گێڕانەوەکەدا هاتووە (نەوا) هەر جارێک، کە دکتۆر (شوکاک) ببینێت ئارەزوو دەکات بۆ جارێکیش بێت ماچێکی لیوی بکات، وەک گێڕەرەوە دەڵێت: **((لە دڵی خۆیدا دەیویست یەک جار ماچی بکات و بڵێت ئەگەر منت بخواستایە هەرگیز ژیانت بەو جۆرە نەدەبوو.))**(عەلی:٢٠٢٤ب١: ٤٩٨) هەر سەبارەت بەم ڕووداوە گێڕەرەوە مۆنۆلۆگێکی تری خستۆتەڕوو: **((لە دڵی خۆیدا بەردەوام بەبێزارییەوە دەیگوت خوا هەزار خوشکی وا بباتەوە بۆ خۆی.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب١: ٧٠٥) بەم تەرزە لەڕێگەی ئاماژەکانی لە (دڵی خۆیدا گووتی) ئەوە بۆ خوێنەر ڕوون دەبێتەوە، کە ئەمە مۆنۆلۆگێکی ناڕاستەوخۆیە. هەروەها لەڕێگەی ئەم مۆنۆلۆگەوە خوێنەر ئاشنای بیرکردنەوەکانی (نەوا) دەبێت، کە هەمیشە ئارەزووی ئەوە لە دڵیدا هەبووە، کە ماچێکی (دکتۆر شوکاک) بکات و پێ بڵێت ئەگەر من ژنت بوومایە ژیانت بەم جۆرە وێران نەدەبوو! لەگەڵ ئەوەشدا نەفرەتی (نەوا) بەرامبەر بە (نەغەدە)ی خوشکی دەردەکەوێت، کە هەمیشە دوعای ئەوەی لێ کردووە خوا خوشکی وا بباتەوە، چونکە بەهۆی هەڵاتنی ئەوەوە نەک تەنها ژیانی (دکتۆر شوکاک) وێران بووە، بەڵکوو ناوبانگی خانەوادەکەشیان لەکەدار بووە و بەهۆیەوە باوکی تووشی خەمۆکی دەبێت.

هەر لەچوارچێوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا لەم کۆپلەیەشدا نموونەیەکی تری لەم چەشنەمان بەرچاو دەکەوێت. ئەویش کاتێک (ئەزمێرا) دەچێت بۆ نووسینگەی ڕۆژنامەی (عەزیزم وەتەن) بۆئەوەی نامەکەی (جەنگیز) بداتە (شەفیق هروری)ي سەرنووسەر، بەڵام کاتێک (هروری)، (ئەزمێرا)ی بینی سەرەتا خەیاڵی بۆ ئەوە چوو ڕەنگە کێشەکەی یەکێک بێت لەو گرفتانەی کە کرێکارە بیانییەکان لەگەڵ کۆمپانیاکانی بازرگانیی بە مرۆڤ و خاوەنکار و بەرپرسەکاندا هەیانە، کە بە نرخێکی کەم ئیشێکی زۆر و مامەڵەیەکی خراپیان لەگەڵدا دەکەن، بەم جۆرە لە گێڕانەوەکەدا هاتووە: **((لە دڵی خۆیدا گووتی: ئەگەر کێشەی ئەم خانمە لەگەڵ کۆمپانیا یان بەرپرسەکاندا بێت، جگە لەوەی ئامۆژگاری بکەم بە جۆرێک لە جۆرەکان بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی و جارێکی تر هەڵەی وەها دووبارە نەکاتەوە بێتە ئەم وڵاتە، جگە لەوەی بڵێم میوانی بەڕێزم بۆ دەستخستنی بژێویی ڕوو لەم جۆرە جێگایانە مەکە، کە ئینسانەکان بەر لە هەر کەس خەڵکی خۆیان وەک حەیوان تەماشا دەکەن، ئینجا وەرە بگاتە سەر خەڵکی وڵات و مەملەکەتی دی. ڕاستی لەوە زیاتر چارەیەکی ترم نییە.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب٢: ١٢_ ١٣).

ئیدی بەم شێوەیە لەڕێگەی ئەم مۆنۆلۆگە ناڕاستەوخۆیەوە خوێنەر دەزانێت، کە (شەفیق هروری) لەو کاتەدا بیری لەوە کردووەتەوە ڕەنگە ئەم خانمە کێشەی لەگەڵ کۆمپانیا، یاخود خاوەن کارەکەیدا هەبێت، ئەگەر وابێت جگە لەوەی ئامۆژگاری بکات بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی چارەیەکی تری نییە، چونکە دەیزانی دەستبردن بۆ ئەم جۆرە فایلانە بەدبەختی و کێشەی گەورەیی بەدوادا دێت.

هەر لە درێژەی گێڕانەوەکەدا چەندین نموونەی تری مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆمان بەرچاو دەکەوێت، بۆنموونە پاش ئەوەی (دکتۆر شوکاک) دەزانێت ئەوانەی، کە بە دوای (بولبولیار)ەوە بوون و هەوڵی دەستگیرکردنیان داوە (جەمعییەتی دوژمنانی شەیتان)ن، بۆیە دەبوو دکتۆر بەزووترین کات (بولبولیار) ئاگادار بکاتەوە، کە لە دەرەوەی شار لە جێگایەک خۆی حەشار بدات، بۆئەوەی دەستی ئەو جەمعییەتەی پێ نەگات. گێڕەرەوە لەڕێگەی مۆنۆلۆگێکەوە بیرکردنەوەکانی (دکتۆر شوکاک) دەخاتەڕوو و دەڵێت: **((دکتۆر شوکاک لە دڵی خۆیدا گووتی: وای بولبولیاری بەدبەخت، بولبولیاری بەدبەخت، بەڵام بچێت بۆ کوێ، ئەو داماوە ڕوو لە کوێ بکات. بیری کردەوە بولبولیار پەیوەندییەکی کەمی لەگەڵ نەغەدەدا هەیە، ژمارەیەک لە سیاسییەکانیش دەناسێت، بەڵام بەس خوا دەزانێت ئێستا ئەوان لە کوێن، لە ئێرانن، لە سەر سنوورن، لە ناو شارن؟... کێ دەڵێت پێی بزانن بە زیانی بولبولیار ناشکێتەوە؟ ئەوەی بچێت لە نەغەدە بپارێتەوە تا بولبولیاری بۆ بشارێتەوە، موچڕکێکی شەرمی بە هەموو گیانیدا هێنا.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب٢: ٢٣٧_٢٣٨) وەک دەبینین خوێنەر لەڕێگەی دەستەواژەکانی وەک (لە دڵی خۆیدا گووتی، بیری کردەوە) بۆی دەردەکەوێت، کە ئەمە مۆنۆلۆگێکی ناڕاستەوخۆیە. بەم هۆیەشەوە ئاشنای بیرکردنەوەکانی (دکتۆر شوکاک) دەبێت، کە لەوکاتەدا بیری لەوە کردۆتەوە، کە بولبولیار بۆ کوێ بچێت؟ بەڵام ئەوەی بە خەیاڵدا هاتووە لەبەرئەوەی (بولبولیار) لەگەڵ (نەغەدە)دا پەیوەندییەکی کەمی هەبووە بچێت داوا لەوان بکات بۆ ئەوەی (بولبولیار) بشارنەوەو بیپارێزن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستی بە شەرمەزاریی کردووە بچێت لە نەغەدە بپارێتەوە بۆ وەها کارێک.

**٣_ پراکتیزەی جۆرەکانی خۆدواندن لە ڕۆمانی (کەشتیی فریشتەکان)دا:**

**1. خۆدواندنی ڕاستەوخۆ:**

لەم جۆرە خۆدواندنەدا کەسایەتی خۆی ڕاستەوخۆ قسەکانی ئاراستەی خوێنەر دەکات، ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەم (من), وەک (لەبەرخۆمەوە وتم، لە خۆم پرسی...). بە خوێندنەوەی وردی ڕۆمانەکە، چەندین نموونەی خۆدواندنی لەم جۆرەمان بەرچاو دەکەوێت، بۆنموونە لەم کۆپلەیەدا گێڕەرەوە لە زاری (جەنگیز)ەوە خۆدواندنێکی ڕاستەوخۆی خستۆتەڕوو، ئەویش کاتێک( لیڤیتانت) بە (جەنگیز) دەڵێت: تۆ یەکێکیت لەو مرۆڤانەی، کە بێڕەحم دروست بوویت. بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێک پرسیار لە لای، بەڵام نایەوێت لە (لیڤیتانت) بپرسێت و پێی بڵێت، کە ئایا من میهرەبانم، یاخود بێ ڕەحمم؟ هەربۆیە لە خۆدواندنێکدا **دەڵێت: ((تا ئەودەم تووشی دۆخێکی وەها نەبووبووم, بپرسم ئاخۆ من چ جۆرە مرۆڤێکم, بێڕەحمم یاخود میهرەبان؟))**(عەلی:٢٠٢٤ب١: ٢٧) بەڵام دواتر هەر خۆی وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوەو دەڵێت: **((قورس بوو لە لام دان بەوەدا بنێم, پیاوێکی بێڕەحمم, قورسیش بوو لە لام خۆم وەک میهرەبانێکی لاواز دەربخەم.))**(عەلی:٢٠٢٤ب١: ٢٧). هەروەکو لو پێشتردا ئاماژەمان پێدابوو، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خۆدواندن ئەوەیە، کە کەسایەتییەکە خۆی پرسیار دەکات و دواتر خۆیشی وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە، وەک دەبینین لێرەشدا هەمان تەکنیک بەکارهێنراوە, لەجیاتی ئەوەی پرسیار لە (لیڤیتانت) بکات و ئەو وەڵام بداتەوە، هاتووە پرسیاری لە خۆی کردووەو هەر خۆیشی وەڵامی پرسیارەکەی داوەتەوە.

لەو ڕووەشەوە گێڕەرەوە نموونەیەکی تری ئەم جۆرەی خۆدواندنی جارێکی تر لەزاری (جەنگیز)ەوە خستۆتەڕوو، ئەویش دوای ئەوەی کە (جەنگیز) کەسێک دەکوژێت, تەنها لەبەرئەوەی شۆڕش فەرمانی پێ کردووە, بەبێ ئەوەی بزانێت کێیە و تاوانی چییە؟ ئەمەش دەیخاتە بارودۆخێکی دەروونیی خراپەوە، بەڵام بۆئەوەی دەروونی ئاسوودە بکات و نەهێڵێت قورسیی ئەو تاوانە لەسەر دڵی بنیشێت, دێت دەفتەری یاداشتەکانی دەردەهێنێت و ڕووداوەکە تۆمار دەکات بۆئەوەی بتوانێت بەئاسودەیی بخەوێت, هەموو ئەم بارە دەروونییە ڕوو لە جەنجاڵییە لە خۆدواندنێکی ڕاستەوخۆدا ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: **((من نە ئەو کەسەم دەناسی, کە کوشتوومە، نە ناویم دەزانی، نە دەمزانی چ کارەیە. بۆئەوەی بتوانم ئاسوودە بم، بۆئەوەی نەهێڵم سەنگی ئەوساتە لەسەر دڵم بنیشێت، ئەو شەوە دەفتەری یاداشتەکانم دەرهێنا و هەموو شتێکم تۆمار کرد. ئەو شەوە خەوتم و بە ئاسوودەگییەکی قووڵەوە بە خۆم گووت: شۆڕش چی بوێت، دەبێت هەموومان بۆی بیکەین، شۆڕش لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە...))**(عەلی:٢٠٢٤ب١: ٢١٠) . لەڕاستیدا لەڕێگەی ئەم خۆدواندنەوە خوێنەر

ئاشنای باری دەروونیی (جەنگیز) دەبێت، هەرچەندە دڵنەوایی خۆی بەوە کردووە، کە ئەم لەپێناو شۆڕشدا و بۆ شۆڕش ئەو کارەی کردووە، بەڵام هێشتا ئەمە ناتوانێت ئاسوودەی بکات، هەربۆیە چەند جارێک لە خەو ڕادەپەڕێت و هەست دەکات هێزێکی نادیار خەریکە جەستەی دەکات بەدوو کەرتەوە.

لە چوارچێوەی خۆدواندنە ڕاستەوخۆکانی (جەنگیز)دا وەک گێڕەرەوەی ئەم چیرۆکە نموونەیەکی ترمان بەرچاو دەکەوێت، ئەویش کاتێک لە ڕۆژانی شەڕی ناوخۆدا، کە هێدی هێدی شەڕ بەرەو ساردی دەچێت و وەک شتێکی ڕۆتینی لێ دێت، لەو سەردەمەدا (جەنگیز) هەستێکی قووڵی بۆ سەربەخۆیی هەیە، هەست دەکات چیتر لەژێر فەرمان و ڕکێفی حیزب و هیچ کەسێکدا نییە، بەڵکوو هەر ئیشێک دەکات بۆ خۆیەتی. هەروەک دەڵێت: **((بە <u>خۆم دەگووت</u>: هێی عەقید جەنگیز، دواجار بوویت بە پیاوێکی ئازاد. هەستێکی سەیرم هەبوو, کە دەزگای ئاسایش دەزگای خۆمە، بەڵام ئەو هەستانەم زۆر کورتخایەن بوون. ئەو ساڵانەی من وەک پیاوێکی ئاسایش و بەشێوەیەکی تایبەتی ڕۆژەکانی شەڕی ناوخۆ دەژیام، <u>هەمیشە پرسیارەکەم ئەوە بوو</u>: ئاخۆ من ئەم یارییە گەورەیە, کە سەدان کەسی تێدا بەدبەخت دەبێت بۆ خۆم یان بۆ حیزب دەکەم؟))**(عەلی: ٢٠٢٤ب٢: ٥٤١_٥٤٢). بێگومان لەڕێگەی ئەم خۆدواندنەوە ئاشنای بیرکردنەوەکانی جەنگیز دەبین، کە هەستی کردووە ئیتر پیاوێکی ئازادە وەک چۆن کەسانێکماڵەکەی، خانووەکەی، منداڵەکەی هی خۆیەتی, ئەمیش ئەو دەزگایە هی خۆیەتی، بەڵام ئەو هەستەی کورتخایەن بوون، چونکە بەردەوام ئەو پرسیارەی لە خۆی کردووە، لەم یارییە گەورەیەدا، کە سەدان کەس تیا دەچن ئەم بۆ خۆی شەڕ دەکات، یاخود بۆ حیزب؟ دواتر هەر خۆی وەڵامەکەی بە خوێنەر گەیاندووە، لەبەرئەوەی بەردەوام تارمایی ئەسپەکانی لە خەیاڵدا بووە، بەوەدا دەزانێت تەنها بە خەیاڵ هەموو شتێک هی خۆیەتی و ئازادە، ئەگەرنا هیشتا هەر دیلی حیزبە، هەر ئیشێکیش بکات حیزب پێی بزانێت یان نەزانێت هەر بۆ سەرۆک و حیزبە نەک خۆی.

بە وردبوونەوەی زیاتر لە دەقی ڕۆمانەکە, نموونەی زیاتری خۆدواندنی ڕاستەوخۆمان بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە وەك ئەوەی کاتێك (مەهدائیلی فریشتە) لە خاوەنەکەی (مەهدی دەریایی) دەترازێت، بەڵام ناوناوە لە دوورەوە تەماشای دەکات و دەیەوێت بزانێت، ئایا هیچ شتێک لە ژیانی خاوەنەکەیدا گۆڕاوە؟ بەڵام کاتێك دەبینێت هەروەک پێشوو لەگەڵ هاوڕێکانیدا خەریکی قومار و جنێودان و چەقۆکێشان و کارە بەدەکانییەتی لە خۆی دەپرسێت, بۆچی فریشتەکانی ئەوان نەترازاون؟ بۆ ئەو مەبەستەش گێڕەرەوە لەڕێگەی خۆدواندنێکی ڕاستەوخۆوە، کە لە شێوەی پرسیار و وەڵامدایە, قسەکانی ئەو ساتەی (مەهدائیل) دەخاتەڕوو, هەروەک دەڵێت: **((لە خۆم دەپرسی ئەی فریشتەکانی ئەوان کوان؟ بۆ من بە تەنها ترازاوم و خەبەرێک لە هیچ فریشتەیەکی تر نییە؟ بەردەوام لە خۆمم دەپرسی دەبێت بزانێت چی ڕوویداوە؟ دەبێت بزانێت من بەشێکم لە ئەو؟ دەبێت بمناسێتەوە؟ هەندێک جاریش دەکەوتمە گومانەوە کێ دەڵێت من نەخۆشێک نیم لە خۆڕا ئەم مرۆڤەم خستۆتە خەیاڵی خۆمەوە؟ کێ دەڵێت کەسێکی بیمار نیم, کە ڕابردووی خۆمم فەرامۆش کردوە و ئێستا بەم خەیاڵات و وڕێنە و خۆفریودانە دەمەوێت درێژە بە ژیانم بدەم؟ ساڵانێک دواتر هەندێ جار دەیدا لە کەلەم بڵێم ئەو باڵانە هەر خەیاڵپلاوی خۆمانە، فریشتە هەر مرۆڤێکی بێکەسە و یادەوەریی خۆی لە دەست داوە، هەندێک جاریش بە تەنیا گریاوم و گووتوومە، من تارمایم، من گیانی کەسێکی مردووم و لەسەر زەوی ئاوارە بووە.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب٢: ٢٤٧_٢٤٨) خوێنەر لە ڕێگەی دەستەواژەی (لە خۆم دەپرسی) درک بەوە دەکات، کە ئەمە خۆدواندنێکی ڕاستەوخۆیە. هەروەها لە ڕێگەی ئەم خۆدواندنەوە دەربڕین و بیرکردنەوەکانی (مەهدائیل)مان بۆ دەردەکەوێت، کە بیری لەوە کردۆتەوە, بۆچی فریشتەی هاوڕێکانی (مەهدی)، کە وەک خۆی کەسێکی خراپەکارن نەترازاوە؟ هەروەها هەمیشە بە خۆی وتووە, دەبێت (مەهدی) بزانێت چ شتێک ڕووی داوە؟ یاخود ئەم بناسێتەوە؟ بەڵام دواتر هەر خۆی وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە، کە هەندێکجار بۆئەوەی خۆی لەو گێژاوە ڕزگار بکات, وتویەتی ئەم باڵانە تەنها زادەی خەیاڵی خۆمن، چونکە فریشتە مرۆڤێکی بێکەسە، هەروەها هەندێک جاریش بۆ خۆی گریاوە، کە هەستی کردووە جگە لە تارمایيەک، کە لەسەر زەوی ئاوارە بووە هیچ شتێکی تر نییە.

**٢- خۆدواندنی ناڕاستەوخۆ:**

لەم جۆرەدا خۆدواندنەدا جێناوی (ئەو)، یان (ئەوان) بەکاردێت, وەک: (لەبەر خۆیەوە وتی، لەژێر لێوەوە وتی، لە خۆی پرسی...)، واتە لێرەدا خوێنەر هەست بە دەستێوەردانی نووسەر، یاخود گێڕەرەوە دەکات، چونکە لەڕێگەی ئەوانەوە زانیارییەکان دەگوازرێنەوە.

بە ڕۆچوونمان بەنێو ڕەوتی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ڕۆمانەکەدا، گەلێک نموونەمان لەبارەی خۆدواندنی ناڕاستەوخۆوە بەرچاو دەکەوێت. یەکێک لەو نموونانەش ئەوەیە پاش ئەوەی گۆڕستانی فریشتەکان تا دێت فراوان دەبێت، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی (ڕێزانی مەلەکبین) بترسێت لەوەی ڕۆژێک بێت جێگا بۆ فریشتە مردووەکانی تر نەمێنێتەوە، گێڕەرەوە لەڕێگەی خۆدواندنێکەوە قسەکانی ئەو ساتەی (ڕێزان) خانمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: **((بەدەم خۆیەوە دەیبۆڵاندو دەیگوت: لە هیچ شارێکی دونیادا، وەک ئەم شارە مەلعونە فریشتە نامرێت... ئەمە چییە، ئەوەندە تەرەس و نامەرد لەم شارەدا زۆرن, کە حورمەتی خۆیان ناگرن، دەردەسەرییەکەی دواجار بۆ ژنێکی بێکەس و بەدبەختی وەک منە. من ئەگەر ژنێکی خراپ بوومایە غرورم نەدەخستە ئەولاوەو دەمگووت.... لە کوێ دەمرن چاویان دەردەهات. وای خۆ من ڕۆحم دەرچوو... بەڵام بە خودا سەگ بە حاڵم نەبێت.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب١: ٦٨٧). لە ڕاستیدا خوێنەر لەڕێگەی ئەم خوادواندنەوە دەزانێت (ڕێزان) لەو ساتەدا بیری لەوە کردۆتەوە، کە لە هیچ شوێنێکی دونیادا وەک ئەم شارە فریشتەکان خاوەنەکانیان جێ ناهێڵن بەهۆی خراپەکانیانەوە، لە دواجاریشدا ماندووبوون و دەردەسەرییەکەی بۆ ئەم دەبێت. هەروەها درک بەو بارە دەروونییە ئاڵۆزەی

ئەو ساتەی دەکەین، کە ئیشکردنی لە کەشتیی فریشتەکاندا تەواو ماندوویان کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا خەمخۆریانە و ناتوانێت ڕێگابدات لە شەقامەکاندا بمرن و فڕێ بدرێن.

هەر لە چوارچێوەی خۆدواندنی ناڕاستەوخۆدا گێڕەرەوە نموونەیەکی تر دەخاتەڕوو, ئەویش خۆدواندنێکی (ماردینیای فریشتە)یە. پاش ئەوەی دکتۆر (شوکاک) و (نەوا) یەکتری ماچ دەکەن لەپێش چاوی (ماردینیا) -فریشتە هەڵهاتووەکەی (نەغدەدە)- دیمەنی ئەو ماچە تووشی بارودۆخێکی دەروونیی خراپ و گۆشەگیریی دەکات. گێڕەرەوە لەڕێگەی خۆدواندنێکەوە, بیرکردنەوەکانی (ماردینیا) دەخاتەڕوو و دەڵێت: **((لە خۆی پرسی، ئایا دەبوو دکتۆر کاری وەهای لێ نەوەشێتەوەو نەوا لەبەرچاوی ئەو ماچ نەکات، دەبوو؟ بەڵام بۆ ماچی نەکات؟ ئەو وەک فریشتە خاڵی بوو لە غەریزە، خاڵی بوو لە ئارەزووی کوشندەی مرۆڤ بۆ ئەویتر... لەبەر ووە هەستی دەکرد هیچ لە دونیا تێناگات))**(عەلی: ٢٠٢٤ب١: ٧٦٨). لێرەشدا جارێکیتر گێڕەرەوە لەڕێگەی ئەم خۆدواندنە ناڕاستەوخۆیەوە بیرکردنەوەکانی (ماردینیا)ی بۆ خوێنەر خستۆتەڕوو، کە لە خۆی پرسیوە: ئایا دەبوو دکتۆر کارێکی وەها بکات و نەوا ماچ بکات؟ بەڵام دواتر خۆی وەڵامی پرسیارەکە بۆ خوێنەر دەخاتەڕوو و دەڵێت بۆچی نەیکات! چونکە ئەم وەک فریشتەیەک خاڵییە لە غەریزە و مرۆڤیش بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی هەمیشە پێویستی بە مرۆڤێکی دیکە هەیە، نەک فریشتەیەک، یان مەخلووقێکی تر.

هەر لەو چوارچێوەیەداو لە خستنەڕووی نموونەکانی خۆدواندنی ناڕاستەوخۆدا، پاش ئەوەی (بولبولیار), (دکتۆر نەزمی) دەبات بۆ ئەوەی (کەشتیی فریشتەکان) ببینێت, سەرسام دەبێت بەوەی ئەگەرچی چەندین ساڵە لەم شارەدایە، بەڵام کونج و کەلەبەری وەهای تێدایە، کە ئەستەمە مرۆڤ بەئاسانی بتوانێت بیدۆزێتەوە. گێڕەرەوە بەم شێوەیە خۆدواندنەکەی خستۆتەڕوو: **((مرۆڤ ناتوانێت نیشتەجێی تەواوەتی هیچ شارێکی دونیا بێت. مرۆڤ جگە لە ماڵی خۆی، نیشتمانی نییە. سەدان ساڵ لە شارێکدا بژی، هێشتا ئەستەمە هەموو کونج و کەلێنێکی بناسیت.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب١: ٦٤٣) **<u>دکتۆر لەبەر خۆیەوە وای گووت.</u>** لێرەدا بە شێوازێکی هونەری و بەپێچەوانەی خۆدواندنەکانی ترەوە، لەکۆتاییدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە دکتۆر لەبەرخۆیەوە وای گوتووە. هەروەها لەڕێگەی خۆدواندنەکەوە خوێنەر بیرکردنەوەکانی دکتۆری لا ئاشکرا دەبێت، کە دکتۆر پێیوایە مرۆڤ جگە لە شارو وڵاتەکەی خۆی, بچێتە هەر شوێنێکی ئەم دونیایە هەر غەریب و نامۆیە، جگە لەوەش نیشتمانی ڕاستەقینەی مرۆڤ ماڵەکەی خۆیەتی. لەگەڵ ئەوەشدا دکتۆر دەڵێت ئەگەر مرۆڤ سەد ساڵیش لە شارێکدا بژیت هێشتا ناتوانێت هەموو کووچە و کۆڵانەکانی ئەو شارە بە تەواوەتی بناسیت.

ئەمەو لە درێژەی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا چەندین نموونەی تری خۆدواندنمان بەرچاو دەکەوێت, بۆنموونە پاش ئەوەی (مەهدائیلی فریشتە), (مەهدی دەریایی) دەبینێتەوەو پێی دەڵێت من فریشتەی تۆم، ئەمەش مەهدی تووشی سەرلێشێواوی دەکات, بۆیە تەواوی چیرۆکەکە بۆ (مەلا ناجی) دەگێڕێتەوە, بەڵام کاتێک دەڵێت وتوویەتی من فریشتەیەکی سەربەخۆم و کارم بە خوداوە نییە، لێرەدا گێڕەرەوە لەڕێگەی خۆدواندنێکەوە قسەکانی (مەلا ناجی) دەخاتەڕوو و دەڵێت: **((مەلا ناجی موچڕکێکی پێداهات و تەزوویەکی سارد و ڕاستەقینە هەژاندی. مەلا بۆ ئیستێک چاوی داخست و لەبەر خۆیەوە چەندجار گووتی: استغفرالله... استغفرالله. لە بەردەم خۆیەوە چەند ئایەتێکی خوێندو گووتی: کە فریشتەیە گووتی پەیوەندیم بە خوداوە نییە، ئەوە شەیتانە...، دووجار لەبەرخۆیەوە شایەتومانی هێنا. لەژێر لێوییەوە هەندێک سوورەتی تری خوێند.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب٢: ٣٣٣_٣٣٤) وەک دەبینین خوێنەر لە ڕێی ئاماژەکانی **(لەبەر خۆیەوە, چەند جار گووتی، لەژێر لێوییەوە...)** بۆی دەردەکەوێت کە ئەمە خۆدواندنێکی ناڕاستەوخۆیەوە, بەوهۆیەشەوە ئاگاداری قسەو دەربڕینەکانی (مەلا ناجی) دەبێت، هەر گوێی لە چیرۆکەکەی (مەهدی دەریایی) بووە تەزوویەکی سارد بە لەشیدا هاتووە و چەند جارێک (استغفر الله)ی کردووە و چەند ئایەتێکیشی خوێندووە و شایەتومانی هێناوەو پێی وا بووە ئەوە شەیتانە، چونکە گوتوویەتی پەیوەندیم بە خوداوە نییە.

هەروەها لەلایەکی ترەوە کاتێک (سەلام باباجان) هەواڵی دەستگیرکردنی (لیوا جەنگیز) دەبیستێت، وەک هەر کەسێکی دیکە سەرسام دەبێت لەوەی بۆچی کەسێکی وەها، کە لە حیزبدا پۆستێکی باڵای هەیە دەبێت دەستگیر بکرێت؟ گێڕەرەوە لەڕێگەی خۆدواندنێکەوە، کە لە شێوەی پرسیار و وەڵامدایە، بیرکردنەوەی (سەلام) بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات و دەڵێت: **((سەلام سەرسام بوو، وەک هەر کەسێکی دی کە چیرۆکی گرتنی کەسێکی پڕناو ببیستێت. سەرەتا لە خۆی پرسی: دەبێت بۆ لیوایان گرتبێت؟ بەڵام پاش ئیستێک و کەمێک بیرکردنەوە، هەر لە خۆی دەپرسیت: بۆ دەبێت لیوا نەگیرێت؟ دەبێت چ سەرسامییەکی تێدا بێت لیوا بگیرێت؟ ئەوەی لیوای گرتووە پێمان دەڵێت چ کەسێک نییە نەگیرێت، بەڵام گرتن و نەگرتنی لیوا چی لە دنیا دەگۆڕێت؟ هەتا ئەگەر هەواڵەکەش بڵاوبکەنەوە چ ترسێکی تێدایە؟ کێ دەیخوێنێتەوە؟))**(عەلی: ٢٠٢٤ب٢: ٩٩) خوێنەر لەڕێگەی ئەم خۆدواندنە ناڕاستەوخۆیەوە درک بەوە دەکات، کاتێک (سەلام) هەواڵەکەی بیستووە بە خۆی وتووە دەبێت هۆکاری گرتنەکەی چی بێت، بەڵام دواتر هەر خۆی وەڵامەکەی خستۆتەڕوو، بۆ ئەبێت نەگیرێت؟ چ سەرسامییەک لە گرتنیدا هەیە؟ بێگومان ئەوانەی، کە لیوایان گرتووە پێمان دەڵێن هیچ کەسێک نییە حیزب نەتوانێت دەستگیری بکات، تەنانەت ئەگەر هەواڵی گرتنەکەشی بڵاوببێتەوە هیچ ترسێکی تێدا نییە، چونکە کەس نایخوێنێتەوە، لەبەر ئەوەی نەخوێندنەوە و لەبیرچوونەوە وەک تاعوون و نەخۆشی لەنێو خەڵکدا بڵاوبۆتەوە.

## ئەنجام:

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا پێی گەشتووین، بریتین لە چەند خاڵێك، کە لای خوارەوە ئاماژەمان پێداوە:

1. مۆنۆلۆگ لە بنیاتی دەقی ڕۆماندا ڕۆڵێکی سەرەکی لە پێشخستنی ڕێڕەوی گێڕانەوەسازیی ڕووداوەکان دەگێڕێت، جگە لەوەی ،کە ڕۆڵ دەگێڕێت لە ڕازاندنەوەی بنیاتی گشتیی دەقی ڕۆمان، چونکە لەڕێگەی مۆنۆلۆگەوە خوێنەر ئاگای لە وردەکارییەکانی ناخی کارەکتەرەکانیش دەبێت.
2. (کەشتیی فریشتەکان) یەکێکە لەو ڕۆمانانەی، کە ڕۆماننووس پشتی بە هونەری مۆنۆلۆگ بەستووە و هەوڵیداوە باڵادەستیی خۆی لە بەرجەستەکردنی جۆرەکانی بگێڕێت و بەشێوەیەکی گشتی توانیویەتی سەرجەم جۆرەکانی لە دەقی ڕۆمانەکەیدا بەکاربهێنێت، کە خۆی لە:(مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ، مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ، خۆدواندنی ڕاستەوخۆ و خۆدواندنی ناڕاستەوخۆ)یدا دەبینێتەوە.
3. ڕۆماننووس توانیویەتی سەرکەوتووانە لە ڕێگەی مۆنۆلۆگەوە باری دەروونی و ناخی کارەکتەرەکان بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات، بۆ نموونە کاتێک (جەنگیز)  یەکەم ڕۆژی پەیوەندیکردنی بە شۆڕشەوە کۆمەڵێک ئەسپی نەخۆش  دەکوژێت ئەمەش تووشی بارێکی دەروونی ئاڵۆزی دەکات و وا لێ دەکات چەندین شەو خەوی لێ نەکەوێ ت و هەست بە تاوان و پەشیمانی بکات. ئەم هەستانەشی لەڕێگەی مپۆنۆلۆگێکی ڕاستەوخۆوە دەربڕیوە.
4. هەروەها ڕۆماننووس هەر لە چوارچێوەی مۆنۆلۆگەکاندا بیرکردنەوەی هەندێک لە کارەکتەرەکانی دیکەی خستۆتەڕوو، بۆ نموونە کاتێک (شەفیق هروری) بۆ یەکەم جار )(ئەزمێرا) لە نووسینگەی ڕۆژنامەکەی دەبینێت،  گێڕەرەوە لەڕێگەی مۆنۆلۆگێکی ناڕاستەوخۆوە بیرکردنەوەکانی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات، کە وابیردەکاتەوە ئەم خانمان کێشەی لەگەڵ کۆمپانیا و بەرپرسەکاندا هەیبێت.
5. بەشێکی زۆر لە خۆدواندنەکان چ ڕاستەوخۆبن، یان ڕاستەوخۆ لە شێوەی پرسیار و وەڵام پێشکەشکراون، کە ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندی و سیما دیارەکانی خۆدواندن.

## لیستی سەرچاوەکان


1. جەمیل، هاوکار(2021)، گێڕانەوە لە داستان و شانۆدا(مەم و زین بەنموونە)، چاپخانەی مەم و زین، چ١.
2. حاجی، سەنگەر قادر شێخ محەممەد (2009): بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقا سپییەکا)ی بەختیارعەلیدا، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی خانی، دهۆک، چاپی یەکەم، هەولێر.
3. خالەدێوە، ڕێزان عوسمان مستەفا (2010): بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستان ساڵی (١٩٨٥ _ ١٩٩٠)، بەڕێوبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی.
4. ساڵح، دیمەن عەبدوڵلا (2024): تۆنە جیاوازەکان لە ڕۆمانی (بەندەر فەیلی) بەختیار عەلیدا، چاپخانەی پاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی.
5. سالار، ئەحمەد(2009)، کورسی و بەهادرامییەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی.
6. سەعید، جەلال ئەنوەر (2013): گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردی کرمانجی خواروودا (1991- 2003)، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
7. صالّح. ئاوارە کەمال (2020): شێواز لە ڕۆمانی کوردیدا (ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور بەنموونە)، ناوندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر.
8. عارف، حسەین(2011)، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا_ وتار و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی ئاراس، چ١، هەولێر.
9. عەلی، بەختیار (2024): کەشتیی فریشتەکان بەرگی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، چاپی٣،  سلێمانی.
10. عەلی، بەختیار (2024): کەشتیی فریشتەکان بەرگی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، چاپی٣،  سلێمانی.
11. کۆمەڵێک نووسەری بیانی (2003): تیۆری ڕۆمان، وەرگێڕانی بۆ فارسی حسین پاینده، وەرگێڕانی بۆ کوردی محمد کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
12. مەنتک، حەمە (2013): تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو ٢٠٠٠_ ٢٠١٠)، چاپی یەکەم، بەڕێوبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
13. مەجید، دیار فایەق(2021)، شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستان بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، ناوەندی خاک بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەچ١، کەلار.
14. یاقووب، عەلی عوسمان (2021): ڕۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرەڕەهەندەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
15. قادر، کارزان موحسین (2009): سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی لەنێوان ساڵانی ١٩٩١_ ٢٠٠٠، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.
16. مەجید، دیار فایەق (2008): بونیاتی وەسف لە ڕۆمانی (ڕێگا)ی (محەممەد مەولوودمەم)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕشد، زانکۆی بەغدا.
17. ئیسماعیل، ڕێبوارمحەممەد (2022): مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمبینەکاندا، گۆڤاری ئەکادیمای کوردی، ژمارە (٥٠).
18. حەمە و خدر، ئەڤین ئاسۆس(م.ی)، عوسمان حەمەد(پ.د)**(2023)**، تەکنیک و ڕەگەزەکانی دراما لە شیعرەکانی (شێرکۆبێکەس)دا، گۆڤاری ئەکادیمای کورد، ژمارە(٥٧).
19. صابر، شادان شکور (2021): شیکردنەوەی زمانی مەنەلۆج بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان (مەنەلۆجەکانی سابیر عەبدولڕەحمان بەنمونە)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، ژمارە(١)، بەرگی(٤).
20. محەممەد، ئامینە یاسین (2023): مۆنۆلۆگ و جۆرەکانی لە کۆمەڵە چیرۆکی (تەنیایی) شێرزاد حەسەندا، گۆڤاری ئەکادیمای کوردی ژمارە (٥٥).
21. میرصادقی، جمال(**1384**)، «نقد داستان تفسیر داستان دلهره»، ماهنامه کلک، شماره ١٥٦.
22. العجمي، إسماعيل بن مبارك بن سالم (2023): أنماط المونولوج في ''همس الجور'' للروائي علي المعمري، مجلة ابتكارات للدراسات الانسانسة والاجتماعية، المجلد (١).

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL For Languages and Humanities

Aran Journal for Languages and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-34

# The Art of Monologue in Bakhtiar Ali's Novel (*Ship of Angels).*

**(Extracted from a PhD dissertation)**

**Koyan Hazhar Ali, Atta Rashid Hussein**

Department of Kindergarten, College of Primary Education, Garmian University, Kurdistan Region.

Department of Kurdish Language, College of Primary Education, Sulaimani University, Kurdistan Region.

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **June, 2025** |
| Accepted | **September, 2025** |
| Published: | **December , 2025** |

**Keywords**

**Monologue, Ship of Angels, character، Structure.**

**Corresponding Author**

Koyan.Hazhar@garmian.edu.krd
atta.husain@univsul.edu.iq

## Abstract:

Monologues are one of the most important narrative techniques that focus more on the inner thoughts of the characters. A monologue refers to talking to oneself silently, indicating that this process occurs in the character's mind and reveals the hidden emotions of the characters in the novel. This study, titled 'The Art of Monologues' in Bakhtiar Ali's novel 'The Ship of Angels,' aims to present the art of monologue within the narrative, where it is a fundamental art form and an essential component of the novel's narrative structure. The novelist has taken great care in constructing his script to unveil the hidden aspects of the characters and their psychological states. In this study, we have discussed the concepts, definitions, and conditions of this technique. We have also analyzed the types in practice using examples from both the first and second volumes of the novel. At the end of the study, we have reached some important conclusions about how the novelist has successfully embodied the types of direct monologues, indirect monologues, direct self-narration, and indirect self-narration in his novel.